# یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٧**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٤/٥**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەلاتەی بەپێی بڕگە(٣)ی مادده(٢) لەیاسای ژمارە(١٠)دەی ساڵی ١٩٩٧پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٨/٣/٣١ی دا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەماندا:

## یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٨
## یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣

**ماددەی یەکەم:**

بڕگە (١)ی مادده پەنجاو پێنجی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ هەموار دەکرێ وبەم شێوەیە دەبێ:

١- تێکڕای ئەو شەقامانەی کە دەکەونە ناو سنووری شارەوانیەوە بەبێ بەرامبەر(عوض) بەناوی شارەوانییەوە تۆماردەکرێن.

٢- نابێ ئەو زەویانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکانەوە بۆ مەبەستی سوکنا وپیشەسازی جیابکرێنەوە بەڕەزامەندی وەزارەت نەبێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ - ئەو زەویانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی لە جۆری تایبەتی بە مەودای (١٠) دە کیلۆمەتر.

ب - ئەو زەویانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی لە جۆری هەرە باش (ممتاز) بەمەودای (٧) حەوت کیلۆمەتر.

جـ ـ ئەو زەويانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی لە جۆری پلە یەک بە مەودای (٥) پێنج کیلۆ مەتر.
د ـ ئەو زەويانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی لە جۆری پلە دوو وسێ وچوار بەمەودای (٣) سێ کیلۆ مەتر.
٣ـ لەسەر نەخشەکێشانی ئاوەدانکارییەکە ماڵ تەرخان بکا و بەرزەفتی (ضوابط) دابنێ بە هەماهەنگی لەگەڵ شارەوانیدا وچۆنییەتی جیاکردنەوەی ئەو زەویانە روون بکاتەوە.
ماددەی دووەم: لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە کە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.
ماددەی سێ یەم: ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**